[Page 1]

# بەکرێگرتنی خانوو بەشێوەی تایبەت

## زانیاری بۆ کرێچییانی تایبەت

[Page 3]

## ناوەڕۆک


**سەرەتا: بەخێربێن بۆ بەشی بەکرێگرتنی تایبەت** **4**
بەشی بەکرێگرتنی تایبەت چییە؟ 4
بۆچی خانویەک لە خاوەن موڵکێکی تایبەت بەکرێ دەگریت؟ 4

**بڕگەی 1: چۆن خانویەک دەدۆزیتەوە؟** **5**
1. سەیری چ جۆرە خانویەک بکەم؟ 5
2. لە کوێ بۆ خانوو بگەڕێم؟ 5
3. چۆن بڕیار بدەم کە ئایا ئەو خانووە بۆ من باشە؟ 6
4. کاتێک خانوەکەمم هەڵبژارد چی بکەم؟ 10

**بڕگەی 2: کاتێک کە یەکسەر دەگوێزیتەوە بۆ خانویەک دەبێت چی بکەیت؟** **11**
1. گرێبەستی کرێچێتی، لیستی کەلوپەل و پێشەکی 11
2. کرێ، دەستگیرۆیی خانووبەرە و کاونسڵ تاکس 12
3. ئاگادارکردنەوەی خەڵک کە تۆ گواستوتەتەوە بۆ ماڵێکی نوێ 13
4. کەلوپەلی ناوماڵ 14
5. زبڵ و دوبارە بەکارهێنانەوە 14

**بڕگەی 3: کاتێک لە خانووەکەدا دەژیت** **17**
1. دانی پارەی پسوڵەو کرێ 17
2. هێشتنەوەی ماڵەکەت بە گەرمی و وشکی 17
3. ئاسایش 18
4. باش بەکارهێنانی ووزە 20
5. سەلامەتی گاز 20
6. دراوسێیەتی و بوون بە دراوسێیەکی باش 20
7. لێپرسراوێتییەکانت 21
8. لێپرسراوێتی خاوەن موڵک یان نوسینگەکەت 21
9. پەیوەندی نێوان تۆو خاوەن موڵکەکەت 22

**بڕگەی 4: چۆڵکردنی ماڵەکەت (جێهێشتن)** **23**
1. ئاگادارکردنەوە لە چۆڵکردن 23
2. دوا خوێندنەوەی میتەرەکان 23
3. گرێبەستەکانی دیکە 23
4. گۆڕینی ناونیشان و دوبارە ئاراستەکردنی پۆستە 24
5. وەرگرتنەوەی پێشەکییەکەت 24
6. لەو ماوەیەدا کە بۆت دانراوە بۆ چۆڵکردن 25
7. کرێ و پسوڵەکان 25

**بڕگەی 5: بەڵگەنامە نمونەکان** **26**
کرێچێتی ماوەکورتی دڵنیاکراو 26
لیستی کەلوپەل 27
ئاگاداری نامە 28

**ڕێنمای پەیوەندییە بەکەڵکەکان** **32**

**لیستی پشکنینی سەلامەتی و تەندروستی خانووبەرە بۆ کرێچییان** **38**

## سەرەتا: بەخێربێن بۆ بەشی بەکرێگرتنی تایبەت

### بەشی بەکرێگرتنی تایبەت چییە؟

زاراوەی 'بەشی بەکرێگرتنی تایبەت' واتای ئەو خانوانە دەگەیەنێت کە تاکەکەس، کۆمپانیاکان یان ڕێکخراوەکان خاوەنیانن و دراون بەکرێ بە تاکەکەس یان/وە خێزانەکان. ئەمە جیاوازە لەوەی کە خاوەنی ماڵی خۆت بیت، یان لە 'خانوی بەکرێگرتنی کۆمەڵایەتی' دابێت کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خانوانەی کە کۆمەڵە خانووبەرەییەکان یان کاونسڵ خاوەنیانن و دەیاندەن بەکرێ.

### بۆ خانوو لە خاوەن موڵکی تایبەت بگرێت بە کرێ؟

گەلێک هۆ هەیە کە وا لەتۆ بکەن کە بڕیاری ئەوە بدەیت لە بەشی بەکرێگرتنی تایبەتدا بژیت. هەندێک لە هۆ سەرەکییەکان لەخوارەوە ڕیزکراون:

**هەڵبژاردن:** ژمارەیەکی زۆر خانووبەرە لە ناوچە جیاوازەکاندا بۆ تۆ ڕەخساوە، وە بەشی بەکرێگرتنی تایبەت لە فراوان بووندایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خانووبەرە لە پانتاییەکی گەورەدا لەبەردەستدا دەبێت.

**توانا بەسەردا شکان:** بەکرێگرتن بەشێوەیەکی بەرچاو هەرزانترە لە کڕینی خانووی خۆت.

**ئەملاولاکردن:** کاتێک لەم بەشەدا خانوو بەکرێ دەگرێت بەشێوەیەکی تاڕادەیەکی باش خێرا دەتوانیت خانوو بەکرێ بگرێت و دوای ئەوە گرێبەستەکە هەڵبوەشێنیتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ دەتوانیت بە شێوەیەکی ئاسانتر لە شوێنێکەوە بگوێزیتەوە بۆ شوێنێکی دیکە ئەگەر پێویستت بەوە هەبوو.

**نەبوونی خانووبەرەی کۆمەڵایەتی:** ژمارەیەکی زۆر دیاریکراو خانوو هەیە کە لەڕێگای کاونسڵ و کۆمەڵە خانووبەرەییەکانەوە بدرین بە کرێ، ئەوانەش پێدەچێت ئەو جۆرە خانووە نەبن، یان لەو شوێنەدا نەبن کە تۆ دەتەوێت.

# بڕگەی 1: چۆن خانوویەک دەدۆزیتەوە

## 1. سەیری چ جۆرە خانوویەک بکەم؟

بەر لە هەموو شتێک تۆ پێویستە بڕیار بدەیت چ جۆرە خانوویەکت پێویستە، وە دەبێت لە کوێ بێت. بیر لە جۆری خانووەکە بکەرەوە ( شوقەی یەک ژووری، شوقە یان خانووە)، چ نهۆمێک بێت ( بۆ نمونە، نهۆمی ئەرزی، نهۆمی یەکەم هتد...)، دەتەوێت لە چ ناوچەیەکی بریستڵ بژیت، وە توانای چەندە کرێت هەیە کە بیدەیت.

ئەگەر تۆ بەنیازی ئەوەی کە داوای دەستگیرۆیی خانووبەرە (هاوسینگ بەنەفێت) بکەیت بۆ ئەوەی کە یارمەتیت بدات بۆ دانی کرێ خانووەکەت پێویستە بیر لەو ئاستە بکەیتەوە کە شیاوی دەبیت.

ئەگەر کرێچێتییەکەت لەدوای 7ی نیسانی 2008 وە دەستی پێکردووە دەستگیرۆیی خانووبەرەکەت بەشێوەیەکی ئاسایی بەگوێرەی کۆمەڵە ڕێسایەکی نوێ حساب دەکرێت کە پێیدەڵێن دەرماڵەی خانووبەرەی خۆجێیی. بەگوێرەی دەرماڵەی خانووبەرەی خۆجێیی دەرماڵەکەت بەشێوەیەکی ئاسایی پشت نابەستێت بەو خانووەی کە تێیدا دەژیت، بەڵکو لەباتی ئەوە پشت دەبەستێت بە ژمارەی ئەو ژووری نوستنانەوە کە پێویستە، چەند پارەت دەست دەکەوێت، وە، چ جۆرە پارەیەکی دانراوت هەیە.

دەستگیرۆیی خانووبەرە پێدەچێت ئاڵۆزبێت لەبەرئەوە شتێکی باشە کە پەیوەندی بە بەشی دەستگیرۆیی خانووبەرەوە بکەیت بۆ ئەوەی کە زانیاری زیاترت دەستگیر ببێت بەر لەوەی کە ماڵ بگوێزیتەوە.

هەروەها دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە کە چەندت کات هەیە بۆ ئەوەی کە شوێنێک بدۆزیتەوە کە لێی بژیت، وە پرۆسەی گواستنەوەکە پێدەچێت چەندە بخایەنێت. ئەگەر ئەوەندەت کات نییە کە شوێنێکی نوێ بدۆزیتەوە و بگوێزیتەوە، پێدەچێت بتەوێت کە ئەو ناوچانەی کە دەتەوێت لێیان بژیت بەرفراوان تریان بکەیت بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردنی زیاتر بۆ خۆت برەخسێنیت و بوارێکی باشتر بدەیت بەخۆت بۆ ئەوەی کە شوێنێکی لەبار بدۆزیتەوە.

## 2. لە کوێ بۆ خانوو بگەڕێم؟

**ڕۆژنامە خۆجێییەکان:** بریستڵ ئیڤنینگ پۆست، ترەید ئیت وە ویسترن دەیلی پرێس بە بەردەوامی ڕیکلام بۆ خانووی کرێ دەکەن.

**تەختی ئاگاداری:** جامخانەی دوکانە خۆجێیەکان/ تەختی ئاگاداری گەڕەکەکان/ تەختی ئاگاداری سوپەر مارکێتەکان یان هەرشوێنێکی دیکە کە پێدەچێت خەڵک ڕیکلام بکەن. خاوەن موڵکەکان زۆرجار لێرەدا ڕیکلام بۆ خانوو دەکەن.

**نوسینگەکانی بەکرێدان و بەڕێوەبردن:** نوسینگەکان لەباتی خاوەن موڵکە تایبەتەکان خانووبەرە دەبەن بەڕێوە. نوسینگەکان نابێت تەنها لەبەر ئەوەی کە تۆ بۆ خانوو دەگەڕێیت پارەت لێبسەنن. ئەگەر لەڕێگای نوسینگەیەکەوە خانوویەکت دۆزییەوە زۆرجار پارەیەکی ڕوسمت لێدەسەنن- بۆ نمونە یەک لەسەر سێی کرێی مانگێک لەگەڵ ڤات. ئەم ڕوسمە پێدەچێت گەڕانەوەی نەبێت. هەروەها داوای پێشەکی و کرێی تا ڕادەی دوومانگ لە سەرەتاوە داوا دەکەن.

کاونسڵی شاری بریستڵ ناتوانێت کە نوسینگەی تاکی بەکرێدان و بەڕێوەبردن دەستنیشان بکات بۆ تۆ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک نوسینگەی بەکرێدان بە شێوەیەکی خۆویستی لەلایەن کۆمەڵەی نوسینگە کارامەکانی بەکرێدانەوە ڕێکخراون کە ڕێسای هەڵسوکەوتیان هەیە بۆ هەموو نوسینگە ئەندامەکان، وە دەتوانن لیستی هەموو ئەندامەکانیانت بدەنێ. سێ دانە لە کۆمەڵە سەرەکییەکان لە بریستڵ ئەمانەن:

زانیاری پەیوەندی کردن لە ڕێنمادا دەبینرێتەوە لە لاپەڕە 32 دا

کۆمەڵەی نوسینگە بەکرێدانەکانی خانووی نیشتەجێبوون*، کۆمەڵەی نیشتمانی نوسینگەکانی خانووبەرە* وە کۆمەڵەی بریستڵ بۆ نوسینگەکانی بەکرێدان و بەڕێوەبردن*.

**ماڵپەرەکان:** ژمارەیەکی زۆر ماڵپەڕ هەیە کە ڕیکلام بۆ خانوو ژوور دەکەن بۆ کرێ. ئەگەر تۆ بۆ خانوویەکی ئاسان بەدەست هاتوو دەگەڕێیت تۆماری خانووبەرەی ئاسان بەدەست هاتووی نیشتمانی www.accessibleproperty.co.uk هەیە ( تکایە ئاگاداربە کە ئەمە ماڵپەڕێکی تایبەتەو کاونسڵی شاری بریستڵ ناتوانێت پەیمانی باشی و ڕاست و دروستی ئەو زانیاریانە بدات کە لەسەر ئەو ماڵپەڕەن). دەتوانیت بە خۆڕایی دەستت ڕابگات بە ئینتەرنێت لە کتێبخانەی ناوچەکەی خۆتدا.

**ئەگەر تۆ خوێندکاریت:** زانیاری لە ماڵپەری زانکۆ* و یەکێتی خوێندکاراندا* دەستەبەر کراوە وە هەروەها لە پێشانگاکانی خانووبەرەی زانکۆشدا.

## 3. چۆن بڕیار بدەم کە ئایا ئەو خانووە ئەوەیە کە من دەمەوێت؟

### أ توانا بەسەردا شکان

یەکێک لەو شتانەی کە دەبێت بەر لەهەموو شتێک بیری لێبکەیتەوە ئەوەیە کە ' ئایا توانای ئەوەم هەیە کە کرێ و پارەی پسوڵەکان (بیلەکان) بدەم؟'. ئەگەر بەتەمایت کە داوای دەرماڵەی خانووبەرەی خۆجێیی بکەیت، لەوە دڵنیا بەرەوە کە تۆ شیاوی چەندە دەرماڵە دەبیت بەرلەوەی کە بگوێزیتەوە. هەندێک خانوو کرێکەیان لە دەرماڵەی خانووبەرەی خۆجێی کەمترە، دەتوانیت ئەوانە بگریت. ئەگەر لەیەکێک لەوانەدا بژیت دەتوانیت ئەو پارە زیادەیەی کە دەمێنێتەوە تا ڕادەی 15 پاوەند لە هەفتەیەکدا بۆ خۆت هەڵبگریت. ئەمە کار لە هیچ جۆرە دەستگیرۆییەکی ئاسایشی کۆمەڵاتی دیکە ناکات کە تۆ وەریدەگریت. ئەگەر تۆ زوگوردی بیت و تەمەنت لە 25 ساڵ کەمتر بێت کرێکەت بەشێوەیەکی ئاسایی سنوردار دەبێت بۆ کرێی ئاسایی بەکرێگرتنی ژوورێک لەناو ماڵێکدا.

#### - پێشەکی، ڕوسم وە کرێی سەرەتا

زۆربەی خاوەن موڵکەکان/ نوسینگەکان داوای پێشەکیت لێدەکەن ( بە زۆری هەمان بری پارەی کرێی مانگێکە) ، وە هەروەها زۆرجار داوای کرێ دەکەن کە لەسەرەتاوە بدرێت. دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە کە ئایا توانات بەسەر ئەوەدا دەشکێت، وە ئەوەت لەبیربێت کە دەرماڵەی خۆجێی خانووبەرە دووهەفتە پاشتر دەدرێت، بەشێوەیەکی ئاسایی ڕاستەوخۆ بەخۆت- لەبەرئەوە ناتوانیت ئەوە بۆ دانی هیچ کرێیەک لەسەرەتاوە بەکار بهێنیت.

پێدەچێت داوای ئەوەشت لێبکرێت کە کەسێک کافالەتت بکات، ئەوەش بەشێوەیەکی ئاسایی کەسێکە کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە کرێکە بدات، ئەگەر کرێچییەکە، لەبەر هەر هۆیەک بێت، کرێکە نەدات. لە لایەنی یاساییەوە ئەو کەفیلە لێپرسراوە لە دانی هەر کرێیەک کە ماوەو نەدراوە وە خاوەن موڵک دەتوانێت ڕاپێچی دادگای بکات ئەگەر کرێچییەک پارەی کرێکەی نەدا. لەوە دڵنیا بەرەوە کە ئەو کەسەی کە کەفالەتت دەکات ئەو ڕێکەوتننامەیە دەخوێننەوە کە داوایان لێکراوە ئیمزای بکەن- ئەمە بەڵگەنامەیەکە کە لەلایەنی یاساییەوە پێوەی پابەند دەبیت. لەکاتی نەبوونی کەفیلدا لەوانە بتوانیت لەگەڵ خاوەن موڵک لەسەر ئەوە ڕێکبکەویت وە شتی دیکە دەستەبەر بکەیت بۆ گەرەنتی کردنی کرێدان کە دەتوانیت تەزکیە لە خاوەن کارەکەت وەربگریت یان ڕیفرنسی کرێدتت بپشکنن.

## ب   سەردانی خانوەکەو بینینی خاوەن موڵک/ کەسی نوسینگە

یەکێک لەو شتانەی کە دەبێت یەکسەر بیکەیت سەردانی خانوەکەیە و بینینی خاوەن موڵک/ کەسی نوسینگەی بەکرێدانە.
تۆ ناچارنیت کە خانوەکە قبوڵ بکەیت  هەر لەبەر ئەوەی کە سەردانت کردووە- ئەمە بوارێکە بۆ تۆ کە سەیری خانوەکە بکەیت و بڕیار بدەیت ئایا ئەوە شوێنێکە کە تۆ پێتخۆش بێت لێی بژیت.
هەروەها بوارێکیشە بۆ تۆ کە خاوەن موڵک/ کەسی نوسینگەکە ببینیت، وە بزانیت کە تۆ پێتخۆش دەبێت کە لەگەڵیاندا مامەڵە بکەیت. بەهەمان شێوە، بوارێکیشە بۆ خاوەن موڵک/ کەسی نوسینگە کە تۆ ببینن و بزانن کە دەیانەوێت تۆ ببیت بە کرێچییان. ئەوەت لەبیر بێت کە خاوەن موڵک/ کەسی نوسینگە بۆ یەکەم جار تۆ دەبینن و یەکەم نیگاش حسابی خۆی هەیە!

## ج   تەندروستی و سەلامەتی

بۆ ئەوەی کە یارمەتی تۆ بدرێت ئایا ئەو خانوە باشە بۆ تۆ پێدەچێت بتەوێت کە لیستی تەندروستی و سەلامەتی پڕبکەیتەوە کە لە بەشی پشتەوەی ئەم نامیلکەیەدایە. ئەمە گەرەنتی ئەوە نادات کە ماڵەکە سەلامەتە- ئەمە تەنها ڕێنومایییەکە بۆ ئەو شتانەی کە چاویان بۆ بگێڕیت.

- ئەگەر خانوەکە کەلوپەلی تێدابێت دەبێت لەوە دڵنیا بیتەوە کە هەموو ئەو کەلوپەلانەی کە نەرمن بەرگەی ئاگر دەگرن. هەموو کەلوپەلێکی ناوماڵی نوێ مەرجەکانی ئاستی ئاسایی ئاگری ئێستای تێدایە، وە لە کەلوپەلی دووەم دەستیشدا دەتوانیت سەیری ئەو باجە بکەیت کە پێوەیەتی. دەبێت شتومەکی وەک قەنەفە، کورسی، چوارچێوەی قەرەوێڵە و سیسەم، دۆشەک، پشتی سیسەم، کورسی نانخواردن، ناوی قەنەفە، گۆشەو سەرین سەیر بکەیت.  ئەگەر نەتتوانی کە باجەکەیان بدۆزیتەوە، لەگەڵ خاوەن موڵک یان کەسی نوسینگەکە لەو بارەیەوە قسە بکە.

- ئەگەر خانوەکە سیستمی گازی تێدابوو، پێداویستییەکی یاساییە کە خاوەن موڵک/ کەسی نوسینگە ئەوە ڕێکبخات کە ساڵی جارێک بپشکنرێن بۆ ئەوەی کە لەوە دڵنیا بنەوە کە سەلامەتن. دەتوانیت داوای وێنەیەکی بڕوانامەی گاز CORGI بکەیت بۆ ئەوەی کە لەوە دڵنیا بیتەوە کە ئەوە کراوە. ئەگەر ئەو بڕوانامەیەیان نیشان نەدایت دەتوانیت پەیوەندی بە تیمەکانی خانووبەرەی تایبەتەوە* بکەیت بۆ ڕێنومایی. هەروەها کارێکی باشە بۆ خاوەن موڵکەکەت/ نوسینگەکەت بۆ ئەوەی کە پشکنینی سەلامەتی دامەزراوەو ئامێری کارەبایی بکەن (ئەگەر تێیدابێت)، دەتوانیت بپرسیت کە ئایا ئەوە کراوە وە داوای بینینی بڕوانامەکە بکەیت (بەڵام ئەوەت لەبیر بێت کە پێداویستییەکی یاسایی نییە لەسەر خاوەن موڵک/ نوسینگە کە ئەوە بکات.)

- بیرۆکەیەکی باشە کە خانوەکە لە ڕۆژدا تاقی بکەیتەوەو ببینیت، بۆ ئەوەی ئەگەر هەر کێشەیەک یان شتێکی چاک نەکراو هەبێت ڕوونتر بیان بینیت. هەوڵ بدە کەسێک لەگەڵ خۆت بەریت. ئەوە لەوە سەلامەتترە کە خۆت بە تەنیا بڕۆیت و هەروەها بیروڕای کەسێکی دیکەشی لەسەر وەردەگریت.

زانیاری پەیوەندی کردن لە ڕێنمادا دەبینرێتەوە لە لاپەڕە 32 دا

### د   بڕوانامەی پێشکەش کردنی ووزە

ئەگەر کرێچێتییەکەت دوای 1ی ئۆکتۆبەری 2008 دەستی پێکردبێت، خاوەن موڵکەکەت/ نوسینگەکەت ئەرکی یاسایی لە ئەستۆدایە کە ڕێگات بدات بڕوانامەی پێشکەش کردنی ووزەی ئەو خانوە ببینیت بەر لەوەی کە بچیتە ناوی. بڕوانامەکە ڕادەی بەکارهێنانی ووزە دەردەخات بۆ ئەو خانوە- تا ڕادەکەی بەرزتر بێت ماڵەکە زیاتر بۆ ووزە گونجێنراوەو پسوڵەکانی سوتەمەنیت نزمتر دەبن. ئەگەر خاوەن موڵکەکەت/ نوسینگەکەت وێنەیەکی ئەو بڕوانامەیەی نەدایتێ دەتوانیت پەیوەندی بە تیمەکانی خانووبەرەی تایبەتەوە بکەیت. پێدەچێت خاوەن موڵکەکەت/ نوسینگەکەت غەرامە بکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بڕوانامەی پێشکەش کردنی ووزە بچۆ بۆ ماڵپەری کۆمەڵگاکان و حکومەتی خۆجێیی*.

### ه   شوێن، توانا بەسەردا شکان، کەلوپەل‌و گرێبەستەکان

پێدەچێت هەروەها بتەوێت کە لیستی پشکنینی خۆت دروست بکەیت کە یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی کە بڕیار بدەیت. ئەمەش لەوانەیە شتی وەک ئەمانە بگرێتەوە:

**توانا بەسەردا شکان:** ئایا تونام دەبێت ئەو کرێیە بدەم؟ (یان ئایا دەرماڵەی خانووبەرە هەموو کرێکە دەگرێتەوە) وە ئایا توانام دەبێت پارەی پسوڵەکان بدەم؟ ئەمە شتێکی سەختە بیزانیت بەر لەوەی کە بگوێزیتەوە بۆ ماڵەکە، بەڵام دەتوانیت لە خاوەن موڵک یان نوسینگەکە یان تەنانەت لە کرێچییەکانی ئێستا بپرسیت.

**شوێن:** ئایا خانوەکە لە شوێنێکی گونجاودایە بۆ من؟ ئایا دوکان و وێستگەی پاسی لێ نزیکە؟

**کەلوپەلی ناوماڵ:** ئایا خانوەکە بە کەلوپەلی ناوماڵەوەیە یان بەبێ کەلوپەلە؟ ئایا ئەو کەلوپەلانەی کە خۆت هەتە لەناو ماڵەکەدا جێگایان دەبێتەوە؟ ئەگەر بەبێ کەلوپەلە، ئایا توانات دەبێت کە ئەو کەلوپەلانەی کە پێویستن بیانکڕیت؟ پێدەچێت یارمەتیت دەستگیر ببێت بۆ کڕینی کەلوپەلی ناوماڵ وە ئامێری وەک  بەفرگر و هتد... ( بڕوانە ' **بەشی چی بکەیت کاتێک کە تازە دەگوێزیتەوە بۆ ناو ماڵێکی تازە'**).

**جۆری گرێبەست:** شتێکی باشە کە پرسیار لە خاوەن موڵک/ نوسینگەکەت بکەیت کە ئایا کرێچێتییەکی تاک یان دوولانەت دەبێت. ئەگەر کرێچێتییەکی دوولانە واژو بکەیت، دەبێت ئاگاداری ئەوە بیت کە تۆ "بە دوولانەو بە تەنهاش بەرپرسیار دەبیت". ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ دەکرێت بەرپرسیار بیت لە کرداری کرێچییەکانی تر، بەتایبەتیش نەدانی کرێ. پێدەچێت هەروەها گرێبەستێکی ماوە دیاریکراوت هەبێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێک بگوێزیتەوە بۆ ئەوێ (کرێچی هاوبەش) دەبێت دڵنیا بیت کە ئێوە هەمووتان بۆ ئەو ماوە دیاریکراوە پێکەوە لەوێ دەژین- پێدەچێت زۆر سەخت بێت کە لە کاتێکدا کە گرێبەستەکە تەواو نەبووە بڕۆیت. شتێکی باشە بەرلەوەی کە ڕێکەوتننامەکە واژو بکەیت  ئەوە تاقی بکەیتەوە کە ئایا چی ڕوودەدات ئەگەر کەسێک بڕیاریدا بڕوات-  ئایا دەبێت تۆ کرێی ئەوانیش بدەیت؟ ئایا تۆ یان خاوەن موڵک لێپرسراون لە دۆزینەوەی کرێچییەکی جێگرەوە؟ هەموو ئەم کێشانە گرنگن بۆ ئەوەی بە هەند وەریان بگریت. کرێچێتییە تازەکەت لەوانەیە ماوەیەکی لانی کەمی دیاریکراوی هەبێت، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ماوەیەکی لانی کەم دەبێت کە دەبێت لەوێ بژیت.

زانیاری پەیوەندی کردن لە ڕێنمادا دەبینریتەوە لە لاپەرە 32 دا

**جگەرەکێشان:** ئەوە سەیر بکە کە ئایا بڕگەی تایبەت بە جگەرەکێشان هەیە لە ڕێکەوتننامەی کرێچێتییەکەدا. خاوەن موڵکە تازەکەت پێدەچێت نەیەوێت کرێچی لە خانوەکەیدا جگەرە بکێشێت لەبەر هۆکاری تەندروستی و سەلامەتی. کاتێک بڕگەیەکی وەها هەبوو، بە شێوەیەکی ئاسایی کرێچی ناچارە کە لە هیچ شوێنێکی ئەو بینایەدا جگەرە نەکێشێت.

جگەرەکێشان دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕەنگی پەردەو قوماشی کەلوپەلی ناوماڵ و بۆیەی دەرگاکان، دیوارەکان وە بنمیچەکان. جگەرە بە ئاسانی دەبێتە هۆی ئاگرێکی کارەساتی و هۆکاری سەرەکی ئاگرن لەناو ماڵدا.

ئەگەر لە ماڵێکدا کە نابێت جگەرە بکێشیت تۆ جگەرە بکێشیت، پێدەچێت لێپرسراو بیت لە پاککردنەوە یان گۆڕینی پەردەکان، کەلوپەلی ناوماڵ، بەرگ و قوماش و فەرش، وە بۆیەکردنەوەی بنمیچەکان، دیوارەکان، تەختەی قەراغی دیوارەکان و دەرگاکان بەشێوەیەکی کارامانە. دەکرێت هەروەها داوات لێبکرێت کە خانوەکە چۆڵ بکەیت ئەگەر بەردەوام بیت لە جگەرەکێشان لەو بینایەدا. ئەگەر جگەرە کێشیت، دەتوانیت هەمیشە لە دەرەوە شوێنێکی جگەرەکێشان دروست بکەیت کە دوور بێت لە دەرگاو پەنجەرەکان.

**هەڵاواردن و دەستپێڕاگەیشتن:** شتێکی پێویستە کە بزانیت خاوەن موڵک/ نوسینگە ڕێگای پێنادرێت کە هەڵاواردن لە دژت پیادە بکات لەبەر ڕەگەزت، ئاراستەی سێکسیت، نەژادت، ئاین یان باوەڕت، یان کەمئەندامیت.
خاوەن موڵکی تایبەت/ نوسینگە ئەرکی سەرشانیانە کە 'گونجاندنی ماقوڵ' ئەنجام بدەن لە ماڵەکەدا بۆ کەسانی کەمئەندام. شتێکی سەختە کە بە تەواوی بڵێیت کە چی دەکاتە 'گونجاندنی ماقوڵ'، چونکە ئەوە پەیوەندی هەیە بە جۆری خانوەکەو گونجاندنەکەوە. دەتوانیت دەربارەی ئەمە ڕێنومایی وەربگریت، وە ڕێنومایی وەربگریت ئەگەرلەو باوەڕەدابیت کە هەڵاواردنت بەرانبەر کراوە، لە هێڵی یارمەتی کۆمیساری یەکسانی و مافی مرۆڤ*.

کرێچیانی تایبەتی کەمئەندام لەوانەیە بتوانن داوای یارمەتی بکەن بۆ گونجاندنی خانوەکە بۆ ئەوەی کە بتوانن تێیدا بژین- دەبێت ڕەزامەندی خاوەن موڵک وەربگریت بەر لەوەی کە بڕیاری هیچ کارێک بدەیت کە لەوێدا بکرێت. دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە بریستڵ کێ دایرێکتەوە* بۆ زانیاری زیاتر.

**خانووی پەسەندکراو:** خانویەکی پەسەند کراو ئەو خانوەیە کە لەلایەن کاونسڵی شاری بریستڵەوە پەسەندکراوە کە لە ئاستێکی باشدایەو بەباشی براوە بەڕێوە. خاوەن موڵک/ نوسینگە پێدەچێت ڕیکلام بۆ خانوەکە بکات کە پەسەند کراوە، یان کاتێک کە یەکەم جار سەردانی ماڵەکە دەکەیت بڕوانامەکەت نیشان بدات. شتێکی باشە کە لەگەڵ کاونسڵی شاری بریستڵ ئەوە تاقی بکەیتەوە کە ئایا ئەو خانوە لەلیستی خانوە پەسەندەکاندایە لەلای ئەوان، وە هەروەها سەیری زانیاری پەسەندکردنەکە بکەیت لەسەر ماڵپەڕەکە بۆ ئەوەی کە بزانیت کە دەبێت لە چ ئاستێکدا بێت بۆ ئەو مەبەستە. دەتوانیت بۆ ڕێنومایی زیاتر پەیوەندی بە تیمەکانی خانووبەرەی تایبەتەوە* بکەیت.

* زانیاری پەیوەندی کردن لە ڕێنمادا دەبینرێتەوە لە لاپەرە 32 دا

**ئەو خانوانەی کە مۆڵەتیان هەیە:** ئەگەر بیر لەوە دەکەیتەوە کە بگوێزیتەوە بۆ خانویەک کە بەم جۆرەیە: سێ نهۆم یان زیاترەو پێنج کەس یان زیاتر لەگەڵ تۆ بە هاوبەشی هۆکارەکان بەکاردەهێنن- ئەو خانوە پێدەچێت پێویستی بەوە بێت کە مۆڵەتنامە لە کاونسڵ وەربگرێت. تیمەکانی خانووبەرەی تایبەت* دەتوانن پێتبڵێن ئەگەر ئەو خانووە مۆڵەتنامەی هەبێت، یان ئەگەر پێویست بێت ببیێت. ئەگەر خانوەکە مۆڵەتنامەی هەبێت ئەوە ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت ئاستی تایبەتی هەبێت و خاوەن موڵک یان نوسینگەی بەڕێوەبردن دەبێت بڕیارنامەیەکی کاری بەڕێوەبردنی باشی واژو کردبێت. ئەگەر خانوەکە شیاوی ئەوە بێت کە مۆڵەتنامەی هەبێت و خاوەن موڵک داوای ئەوەی نەکردبێت پێدەچێت غەرامە بکرێن. هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە تیمەکانی خانووبەرەی تایبەتەوە* ئەگەر لەو باوەڕەدایت کە خانوەکە مۆڵەتنامەی دەوێت و ئەو ئاستانە دەستەبەر نەکراون، یان بەگوێرەی بڕیارنامەی بەڕێوەبردن نارۆن بەڕێوە.

ئەگەر کاونسڵ لێکۆڵینەوەی کردو بۆی دەرکەوت کە خانوەکە پێویستی بە مۆڵەتنامە هەیە بەڵام خاوەن موڵکەکە داوای نەکردووە لە هەندێک باردا کرێچییەکان دەتوانن داوای وەرگرتنەوەی کرێکانیان بکەنەوە لە خاوەن موڵک، پێویستە لەگەڵ تیمەکانی خانووبەرەی تایبەت قسە بکەیت بۆ ئەوەی کە زانیاری زیاترت لەم بارەیەوە دەست بکەوێت.

## 4. کاتێک خانوەکەمم هەڵبژارد دەبێت چی بکەم؟

### ئەگەر خانوەکەت بەدڵە

ئەگەر خانوەکەت بەدڵە وە متمانەت هەیە کە توانای هەڵسوڕانیت هەیە، پەیوەندی بە خاوەن موڵک یان نوسینگەکەوە بکە بۆ ڕێکخستنی هەنگاوەکانی دواتر لەگەڵیان. ئەوەت لەبیر نەچێت کە ئەگەر تۆ لە خانووی کرێدا بیت دەبێت ئاگادارینامەی چۆڵکردن بدەیت بە خاوەن موڵک، بەشێوەیەکی ئاسایی یەک مانگە ( سەرنجی ڕێکەوتننامەی کرێچییەتەکەت بدە وە برگەی ' چۆڵکردنی خانوەکە' بخوێنەرەوە بۆ یارمەتی دانت لەو بارەیەوە). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە کە کەی دەتوانیت لەماڵە کۆنەکەت دەربچیت و بگوێزیتەوە بۆ ماڵە نوێکەت.

*زانیاری پەیوەندی کردن لە ڕێنمادا دەبینرێتەوە لە لاپەرە 32 دا

# بڕگەی 2: کاتێک کە یەکسەر دەگوێزیتەوە بۆ خانویەک دەبێت چی بکەیت؟

## 1. ڕێکەوتننامەی کرێچێتی، لیستی کەلوپەل و پێشەکی

یەکسەر بەر لەوەی کە بگوێزیتەوە، زۆربەی خاوەن موڵکەکان ڕێکەوتننامەیەکی کرێچێتیت دەخەنە بەردەست بۆ ئەوەی کە واژوی بکەیت. ئەوە مافەکانت و لێپرسراوێتیەکانتی وەک کرێچییەک بە دوورودرێژی تێدا باس کراوە. دەبێت بە وورياییی بیخوێنیتەوە بەر لە واژو کردنی. دەبێت لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ڕێکەوتننامەی کرێچێتییەوە کرێ و پارەی پسوڵەکان بدەیت. بیرۆکەیەکی باشە ئەگەر ئەوە لەگەڵ خاوەن موڵکەکەت یەکلا بکەیتەوە کە ئایا لە ڕێکەوتننامەکەدا هیچ پارەدانێک باس کراوە- بۆ نمونە بۆ گۆڕینی فەرش یان پاککردنەوەی خانوەکە کاتێک چۆڵی دەکەیت.

### جۆرەکانی کرێچێتی

### کرێچێتی ماوەکورتی دڵنیاکراو

باوترین جۆری ڕێکەوتننامەی کرێچێتی 'کرێچێتی ماوەکورتی دڵنیاکراوە' (AST ) کە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە کرێچێتییەکە بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە- بە شێوەیەکی ئاسایی 6 یان 12 مانگە. کاونسڵی شاری بریستڵ هانی خاوەن موڵکەکان دەدات کە AST بۆ ماوەی لانی کەم 12- مانگ بدەن بە کرێ. کاتێک ئەو ماوە دیاری کراوە تەواو بوو ئەگەر هیچ ڕێگایەک نەگیرابێتە بەر کرێچێتییەکە دەبێت بە کرێچێتی ماوەی یاسایی، کە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە لەسەر بناغەی مانگانە یان هەفتانە بەردەوام دەبێت (لەسەر بناغەی ئەوەی کە تۆ چۆن و کەی کرێکەت دەدەیت).

### کرێچێتی ماوەی کۆنتراکتی

دەتوانیت جۆراوجۆریت هەبێت بۆ ئەم جۆرە ڕێکەوتننامەیە. خاوەن موڵک پێدەچێت پێی باش بێت کە ڕێکەوتننامەیەکی کرێچێتی بە قسە یان بە نووسین بخاتە بەرچاو بەبێ دیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراو. ئەم دوو نمونەیە هەردوکیان کرێچێتی ماوەی کۆنتراکتی پێکدەهێنن، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە کرێچێتییەکە لە ڕۆژی کرێدانەوە بۆ ڕۆژی کرێدان بەردەوام دەبێت واتە هەفتە بۆ هەفتە، یان مانگ بۆ مانگ، بەگوێرەی ڕێکخستنی کرێدانەکە. جارێکی دیکەش دەبێت تۆ دڵنیا بیت دەربارەی مافەکان و ئەرکەکانت، وە مەترسە لە وەرگرتنی ڕێنومایی ئەگەر پێویستت پێی بێت.

### کرێی دەرەوەی بازنە

ئەگەر خاوەن موڵک لەهەمان خانودا بژی کە تۆ تێیدا دەژیت، ئەمە ناکرێت کرێچێتییەکی ماوەکورتی دڵنیاکراو بێت، وە لەباتی ئەوە دەبێت بە کرێچێتییەکی دەرەوەی بازنە. جارێکی دیکە، دەبێت هەر گرێبەستێکی نوسراو کە بخرێتە بەرچاوت بیخوێنیتەوە وە لە مافەکان و ئەرکەکانت تێبگەیت.

### کرێچێتی ڕێکخراوو دڵنیاکراو

ئەگەر بەر لە ساڵی 1989 گواستوتەتەوە بۆ خانوەکەت پێدەچێت تۆ کرێچیەکی ڕێکخراو بیت، وە ئەگەر لەنێوان 1989 و 1997دا چوبیتە ناو ئەو خانوە پێدەچێت کرێچییەکی دڵنیاکراو بیت. ئەگەر وابێت ئەوا ڕێسای جیاواز بەسەر تۆدا دەچەسپێت، وە بیرۆکەیەکی باشە کە لەوە تێبگەیت چ جۆرە مافێکت هەیە. زنیاری زیاتر دەربارەی ئەم جۆرە کرێچێتییانە دەتوانرێت لە ماڵپەری شێڵتەردا ببینرێتەوە*، یان لەڕێگای بیرۆی ڕێنومایی هاوڵاتیانەوە*.

### لیستی شتومەک

شتێکی خوازراوە کە تۆ لیستی کەلوپەل واژو بکەیت. ئەمە بەڵگەنامەیەکە کە وەسفی باری خانوەکە و هەر شتێک کە لەناویدا بێت دەکات. شتێکی گرنگە کە بەو لیستی شتومەکەدا بچیتەوە

*زانیاری پەیوەندی کردن لە ڕێنمادا دەبینرێتەوە لە لاپەرە 32 دا

بەرلەوەی کە خانوەکە چۆڵ بکەیت. بە ئیمزاکردنی لیستەکە تۆ لەسەر هەموو ئەو شتانە ڕێکدەکەویت کە لەوێ نوسراوە، لەبەرئەوە لەوە دڵنیا بەرەوە کە لیستەکە ڕاست و دروستە بەر لەوەی کە واژوی بکەیت.
ئەگەر خاوەن موڵکەکەت/نوسینگەکەت لیستێکی بۆ ئامادە نەکردیت بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر خۆت دانەیەک ئامادە بکەیت، وە دوای ئەوە بینێریت بۆیان بۆ ئەوەی ئیمزای بکەن. ئێمە نمونەیەکمان داناوە لە 'برگەی نمونەی بەڵگەنامەکان' بۆ ئەوەی بزانیت لیستەکە شێوەی چۆن دەبێت. بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر وێنەی ماڵەکە بگریت بۆ ئەوەی لەگەڵ هەر لیستێکدا کە ئامادەی دەکەیت بڕوات بۆ ئەوەی کە بەڵگەی ئەوەت بەدەستەوە بێت کە خانوەکە چۆن بووە کاتێک تۆ بۆ یەکەم جار دەچیتە ناو خانوەکە. پێدەچێت بتەوێت وێنەی خانوەکە چاپ بکەیت و بەروار و کاتی پێوەبێت، یان شێوازێکی دیکە بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت کەی وێنەکان گیراون.

### پێشەکی

تۆ بەشێوەیەکی ئاسایی داوای پێشەکیت لێدەکرێت. ئەگەر کرێچێتییەکەت لە 6ی نیسانی 2007 یان دواتر دەستی پێکردووە خاوەن موڵکەکەت/نوسینگەکەت بەگوێرەی یاسا داوای لێدەکرێت کە پێشەکییەکەت بپارێزێت لە بەرنامەیەکی پێشەکی کرێچێتیدا. خاوەن موڵکەکەت/نوسینگەکەت ئەرکی سەرشانێتی پێت بڵێت چ بەرنامەیەک گیراوەتە بەر. ئەگەر لەو باوەڕەدانیت کە پێشەکییەکەت پارێزراوە، دەتوانی داوا پێشکەش بە دادگای هەرێمی (County Court ) ناوچەکەی خۆت بکەیت. دادگا دەتوانێت فەرمان بدا بە خاوەن موڵک یان نوسینگە کە یان پێشەکییەکەت بدەنەوە یان لە بەرنامەیەکدا بیپارێزن. بۆ یارمەتی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە شێڵتەرەوە*، یان سەرنجی ماڵپەڕی کاونسڵی شاری بریستڵ* بدە یان ماڵپەڕی دایرێکت گەڤەرمێنت*.

### خانووبەرەی هاوبەش

ئەگەر بگوێزیتەوە بۆ خانوبەرەی هاوبەش ( بەشێوەیەکی فەرمی ناوی خانویەک لە ئەرکی جۆراوجۆردایە (HMO ))، یان وەک کۆمەڵێک کەس دەگوێزنەوە بۆ ناو ماڵێک (نەک وەک خێزانێک)، ئێوە پێدەچێت کرێچێتییەکی دوولانەتان هەبێت. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئێوە هەمووتان 'بەیەکەوە بە تاک تاکیش بەرپرسیار دەبن'- زۆر بە سانایی ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ بە شێوەیەکی تاکەکەسی بەرپرسیار دەبیت لە دانی کرێ، وە پێکەوە بەرپرسیار دەبن- بەم جۆرە ئەگەر کەسێک کرێی نەدا، بەگوێرەی یاسا ئەوانی دیکە دەبێت لەباتی ئەو کرێکە بدەن.

## 2. کرێ، دەستگیرۆیی خانووبەرە وە دەستگیرۆیی کاونسڵ تاکس

ئەگەر داوای دەستگیرۆیی خانووبەرە وە/یان دەستگیرۆیی کاونسڵ تاکس دەکەیت دەبێت بەرلەوەی کە بگوێزیتەوە بۆ خانوەکە داواکاری پێشکەش بکەیت ئەگەر بکرێت( یان درەنگتر نا لە هەفتەی یەکەم دوای ئەوەی کە دەگوێزیتەوە بۆ خانوەکە) چونکە بەشێوەیەکی ئاسایی دەرماڵە لە یەکەم دووشەممەوە دەدرێت کە فۆرمەکەیان بەدەست دەگات. ئەگەر لە داواکارییەکەتدا دواکەوتن ڕوویدات دەرماڵە پێدەچێت لەو ڕۆژەوە نەدرێت کە تۆ چوویتە ناو ماڵەکە. ئەوەت لەبیر بێت کە دەستگیرۆیی خانووبەرە لەشێوەی دەرماڵەی خانووبەرەی خۆجێیدا ئێستا لە زۆربەی باردا دەدرێت بە کرێچی خۆی، دووهەفتە لە پاشەوە. تۆ دەبێت خۆت ئەوە ڕێکبخەیت کە چۆن کرێ دەدەیت بە خاوەن موڵکەکەت. ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی تەنها لەو بەروارەوە دەدرێت کە تۆ بە ڕاستی دەچیتە ناو خانوەکەوە، لەبەرئەوە دەبێت لەو ڕۆژەدا بچیتە ناو خانوەکەوە کە کرێچێتییەکەت دەست پێدەکات.

### چۆن داواکاری پێشکەش دەکەیت

ژمارەیەک ڕێگا هەیە کە بەهۆیانەوە دەتوانیت داوای دەستگیرۆیی خانووبەرە بکەیت. دەتوانیت

زانیاری پەیوەندی کردن لە ڕێنمادا دەبینرێتەوە لە لاپەڕە 32 دا

فۆرمێک لە ماڵپەڕی کاونسڵەوە دابەزێنیت، لە نزیکترین خاڵی پشتگیری بەکارهێنەران ( Customer Service Point) فۆرمێک وەربگرە، تەلەفون بکە بۆ بنکەی یارمەتی بەکارهێنەران لە کاونسڵ یان نامە بنێرە و داوابکە کە فۆرمێکت بۆ بنێرن. زانیاری پەیوەندی کردن لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدایە. پێویستە بەڵگەی سەلماندنی کرێچێتییەکەت، ناسنامەکەت، زانیاری دەربارەی داهاتت و هەر سەرمایەیەکی دانراو کە هەبێت بینێریت. لە فۆرمی داواکارینامەکەدا زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە دابینکراوە.

## 3. ئاگادارکردنەوەی خەڵک کە تۆ گواستوتەتەوە بۆ ماڵێکی نوێ

### دەستگیرۆیی دەرماڵەی تاکەکەسی

ئەگەر تۆ پشتگیری داهات (Income Support) (IS)، دەستگیرۆیی گەڕان بەدوای کاردا (JSA)، یان دەستگیرۆیی کەمتوانایی (Incapacity Benefit ) ( ICB) وەردەگریت پێویستە لەسەرت کە تەلەفون بکەیت بۆ بەشی کارو خانەنشینی* (DWP ) وە ئەگەر تاکس کریدتی خێزانە کارکەرەکان (WFTC ) یان تاکس کریدتی منداڵ (CTC ) وەردەگریت تەلەفون بکە بۆ داهاتەکانی ناووڵات * (Inland Revenue ) .

### خزمەتگوزارییە بەسوودەکان

پێویستە لەسەرت کە لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی پسوڵەی وێسێکسی بریستڵ* ( Bristol Wessex Billing services) خۆت تۆمار بکەیت. ئاگاداری ئەوە بە کە پسوڵەی پارەی ئاو زۆر بەرز دیار دەبێت چونکە ئەوان پارەی ساڵێکت لێ وەردەگرن. بزانە ئاوەکەت بە میتەرە یان نا، چونکە ئەگەر وابێت دەبێت کاتێک یەکسەر گواستتەوە بۆ ئەوێ پێوانەی میتەرەکە بە خزمەتگوزاری ئاوی بریستڵ بڵێیت. هەروەها دەبێت بە دابینکەرانی کارەباو گازی ماڵەکەت بڵێیت کە تۆ گواستوتەتەوە بۆ ئەوێ بۆ ئەو ماڵە وە پێوانەی میتەرەکانتیان بدەیتێ. ئەگەر دڵنیا نیت کێ دابینکەری ئەو خزمەتگوزارییانەیە دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە ناشناڵ گرید* وە وێسترن پاوەرەوە*. پەیوەندی بە کۆمپانیا دابینکەرەکانەوە بکەو خوێندنەوەی پێوەرەکانیان بدەرێ و وا بکە کە حسابەکان بکرێن بە ناوی خۆتەوە. شتێکی باشە کە ئەو خوێندنەوەی میتەرانە لەگەڵ خاوەن ماڵ/نوسینگەکەت بکەیت و لە لیستی شتومەکەکاندا بە تێبینی بیان نوسیت. ئەگەر میتەرەکان بە کلیل بوون دەبێت پەیوەندی بکەیت بە کۆمپانیا دابینکەرەکانەوە بۆ ئەوەی کە سفریان بکەنەوە. ئەگەر کلیلت نییە دەبێت داوا لە کۆمپانیا دابینکەرەکە بکەیت کە بۆت بنێرێت. تا لەگەڵ کۆمپانیای دابینکەری خزمەتگوزارییە بەسوودەکان قسە نەکەیت کلیلێک بەکار مەهێنە کە لە خانوەکەدا لەلایەن کرێچییە کۆنەکەوە بەجێهێڵرابێت- لەوانەیە ئەوان قەرزیان لەسەر کلیلەکە بەجێهێشتبێت، وە پێدەچێت چارەسەری ئەوە ئاڵۆزبێت دوای ئەوەی کە تۆ دەستت کرد بە بەکارهێنانی. شتێکی باشە کە لە خاوەن موڵک یان نوسینگەکە بپرسیت کە ئایا قفڵی سەرەکی گازەکە و بۆکسی فیوزەکان لە کوێن بۆ ئەوەی لەکاتی کارەساتی کوتوپڕدا بەکاریان بهێنیت.

### کاونسڵی شاری بریستڵ

دەبێت بە فەرمانگەی کاونسڵ تاکس بڵێیت کە ماڵت گواستوتەوە. ئەگەر بە تەنیا دەژیت لەوە دڵنیا بەرەوە کە فەرمانگەی کاونسڵ تاکس* لەو بارەیەوە ئاگاداربکەیتەوە چونکە لەوانەیە تۆ شیاوی ئەوە بیت کە پارەکەت بۆ کەم بکەنەوە (دەرماڵەی تاکە کەس). هەندێک کەس، وەک خوێندکارانی بەردەوام، کاونسڵ تاکسیان لەسەر نییە، ئەگەر لەو باوەڕەدایت کە دەبێت ببوێردرێت بۆ کاونسڵ تاکس لەوە دڵنیا بەرەوە کە فەرمانگەی کونسڵ تاکس ئاگادار بکەیتەوە لەو مەسەلەیە. فەرمانگەی کاونسڵ تاکس پسوڵەت بۆ دەنێرێت و فۆرمێکیشت بۆ دەنێرێت بۆ ئەوەی کە لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی هەڵبژاردن خۆت تۆمار بکەیت. ئەگەر ئەوەت بەدەست نەگەیشت دەتوانیت ڕاستەوخۆ تەلەفون بکەیت بۆ خزمەتگوزارییەکانی هەڵبژاردن* بۆ ئەوەی فۆرمێکت بۆ بنێرن. ئەگەر شیاوی دەنگدان بیت، پڕکردنەوەی ئەو فۆرمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ لە لیستی هەڵبژاردندا تۆمار کراویت.

زانیاری پەیوەندی کردن لە ڕێنمادا دەبینرێتەوە لە لاپەڕە 32 دا

ئەگەر تۆ دەستگیرۆیی خانووبەرە وەردەگریت  هەروەها دەبێت بەشی دەستگیرۆیی خانووبەرە* ( Housing Benefit ) ئاگادار بکەیتەوە کە گواستوتەتەوە، وە ناونیشانە نوێکەتیان پێبڵێیت.

### مۆڵەتی تەلەفیزیۆن

ئەگەر لە ناونیشانە کۆنەکەت مۆڵەتی تەلەفیزیۆنت هەبووە، پێویستە پەیوەندی بکەیت بە دەسەڵاتی مۆڵەتی تەلەفیزیۆن* و داوایان لێبکەیت کە مۆڵەتەکەت بۆ بگوێزنەوە بۆ ناونیشانە نوێکەت. ئەگەر مۆڵەتی تەلەفیزیۆنت نییە، پێویستە دانەیەک بۆ ماڵە نوێکەت بکڕیت ئەگەر دەتەوێت تەلەفیزیۆن بەکاربهێنیت. ئەگەر لە خانووی هاوبەشدا دەژیت و کرێچێتییەکی دوولانەت هەیە ئێوە تەنها یەک مۆڵەتتان دەوێت بۆ هەموو خانوەکە، بەڵام ئەگەر رێکەوتننامەی جیاجیای کرێچێتیتان هەبێت پێدەچێت لە مۆڵەتێک زیاترتان پێویست بێت. ئەگەر مۆڵەتی ڕاست و دروستتان نەبێت پێدەچێت دوچاری غەرامە کردن بن.

### دڵنیایی (ئینشورانس)

لێپرسراوێتی خۆتە کە دڵنیای بۆ کولەپەلەکانی ناو ماڵەکەت بکەیت ئەگەر دەتەوێت شتومەکەکانی خۆت دڵنیا بکەیت دژی شکان و دزران.  ئەگەر لە ماڵە کۆنەکەت دڵنیاییت هەبووە، پێویستە پەیوەندی بکەیت بە خاوەن دڵنیاییەکانتەوە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەیتەوە کە گواستوتەتەوە. پلەی دڵنیاییەکەت پێدەچێت بگۆڕێت بەگوێرەی ئەو شوێنەی کە لێی دەژیت.

## 4. کەلوپەلی ناوماڵ

ئەگەر ماڵەکەت کەلوپەلی تێدانەبوو یان هەندێکی تێدابوو، وە تۆ کەلوپەلی ناوماڵی پێویستت نەبوو، سۆفا پرۆجێکت* ( Sofa Project ) یان ئیماوس* ( Emmaus ) پێدەچێت بتوانن یارمەتیت بدەن. ئەوان کەلوپەلی ناوماڵی هەرزان و شمەکێک کە بۆ سەلامەتی-پشکنراوە بۆ ئەو کەسانەی کە داهاتیان نزمە دابین دەکەن.

ئەگەر تۆ پشتگیری داهات یان دەرماڵەی گەڕان بەدوای کاردا کە پشتی بەستووە بە داهات وەردەگریت، پێدەچێت هەروەها بتوانیت یارمەتی ماڵی وەربگریت لە سۆشیاڵ فەند لە بەشی کارو خانەنشینی*.

## 5. زبڵ و دووبارەبەکارهێنانەوە

وەک نیشتەجێیەکی بریستڵ لێپرسراوێتییەکی یاساییت لەئەستۆدایە بۆ ئەو پاشماوەیەی کە بەرهەمی دەهێنیت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ لێپرسراویت لە:

- هێشتنەوەی زبڵ لە ماڵەکەتدا لە ماوەی هەفتەکەدا
- زبڵ و شتومەکی دووبارەبەکارهێنانەوە هەر یەکە بکەیتە ناو بەرمیل و سەتڵ و سندوقی تایبەتی خۆیەوە
- لە ڕۆژی کۆکردنەوەدا هەر لە کاژێر 7ی سەرلەبەیانییەوە بەرمیل و سەتڵ و سندوقی زبڵ و شتومەکی دووبارەبەکارهێنانەوە لە بەردەم ماڵەکەتدا دابنێیت
- بەزووترین کات کە بۆت دەکرێت بەرمیل و سەتڵ و سندوقەکانت لە لێواری شۆستەکە دووربخەیتەوە دوای ئەوەی کە بەتاڵیان دەکەن.

### کۆکردنەوەی لێواری شۆستە

زۆربەی ماڵەکان لە بریستڵ، بە هەڵاواردنی فلات، شتومەکی دووبارەبەکارهێنانەوە لە لێواری شۆستەکانیانەوە کۆدەکرێتەوە بەشێوەی (هەفتانە) وە زبڵ بەشێوەی (دووهەفتە جارێک). بۆ ئەوەی کە بزانیت ڕۆژی کۆکردنەوەی تۆ کەییە، پەیوەندی بکە بە کاونسڵی شاری بریستڵەوە* یان سەردانی ماڵپەرەکەیان بکە.

زانیاری پەیوەندی کردن لە ڕێنمادا دەبینرێتەوە لە لاپەڕە 32 دا

[Page 15]

## دووباره بەکارهێنانەوە

### سندوقی ڕەش

**چی تێدەکرێت:** هەموو جۆرە کاغەزێک ( بە ڕۆژنامە، گۆڤار، کەتەلۆگ، ڕێنمای تەلەفون، پۆستی بێکەڵک، زەرف و هتد)، یەلۆ پەیجیش، بوتڵی شوشەو قوتوی شوشە، بوتڵی ئەلەمینیۆم و تەنەکە (بە سپرایشەوە)، پەڕەی ئەلەمینیۆمی پێچانەوە، جلوبەرگ و قوماش، پێڵاو، چاویلکە، پاتری ناوماڵ (پیل) و هی ئۆتۆمۆبێل، ڕۆنی ئۆتۆمۆبێلی بەکارهاتوو(لە قوتویەکی سەرقەپاتدا بێت).

**بوتڵی پلاستک** لە سندوقی ڕەشدا کۆناکرێنەوە. ئەگەر ئەوانەی تێبکەیت، پێدەچێت سندوقەکەت بەتاڵ نەکەن.
**مقەبا** لەگەڵ پاشماوەی خواردن کۆدەکرێتەوە (سەیری لای خوارەوە بکە)، لەبەر ئەوە تکایە ئەوانە مەخەرە ناو سندوقە ڕەشەکەت.

دەتوانیت هەرچەندە کە بتەوێت کەلوپەلی دووبارە بەکارهێنانەوە لە دەرەوە دابنێیت، هەوڵبدە سندوقەکەت ڕێکوپێک بێت بە جیاکردنەوەی ماددەکان ئەگەر بکرێت. تکایە هەر کەلوپەلێکی دووبارە بەکارهێنانەوە کە لە سندوقەکەتدا جێگای نابێتەوە بیکەرە عەلاگەوە بەڵام گرێیان مەدە.

### پاشماوەی خواردن و مقەبا

**چ شتێکی تێدەکرێت**: هەموو پاشماوەیەکی خواردنی کوڵاوو نەکوڵاو. لەوە دڵنیا بەرەوە کە سەتڵی خۆڵی خواردنت هەیەو لە چێشتخانەشدا کادیت هەیە (Caddy). کادی چێشتخانەکەت لە چێشتخانەدا دابنێ، بە ڕۆژنامە، کاغەز یان زەرفی کۆرنستارچ (Cornstarch) ناوەوەی داپۆشە و بۆ هەموو جۆرە پاشماوەێکی خۆراک بەکاری بهێنە. کاتێک کادییەکەت پڕبوو، بەتاڵی بکەرە ناو سەتڵە گەورەترەکەی پاشماوەی خۆراک کە دەکرێت لە دەرەوە دابنرێت- هەوڵ بدە کە سەتڵی پاشماوەی خۆراک لە بەر تیشکی خۆری ڕاستەوخۆ دانەنێیت و هەمیشە با داخرابێت ( دەسکەکەی بکە بۆ پێشەوە) بۆ ئەوەی بەر لە دەرچونی بۆنی پیس بگرێت کە بێتە دەرەوە. لەڕۆژی کۆکردنەوەدا، سەتڵی پاشماوەی خۆراکەکەت و مقەباکانت پێکەوە دابنێ، مقەباکانت بخەرە ژێر سەتڵەکە یان لە تەنیشتی دایانبنێ. دەتوانیت پارچەی بچوکی مقەبا بخەیتە ناو سەتڵەکەت. تکایە یان پەیوەندی بکە بە کاونسڵی شاری بریستڵەوە* یان سەردانی ماڵپەڕەکەیان بکە، ئەگەر دەتەوێت داوای سندوقیکی ڕەشی خۆڕایی، سەتڵی پاشماوەی خۆراک یان کادی چێشتخانە بکەیت، هەر پرسیارێکت هەیە دەربارەی بەکارهێنانیان، یان ئەگەر دەتەوێت لە کۆکردنەوەیەک ئاگاداریان بکەیتەوە کە نەکراوە.

[Page 16]

## دووبارە بەکارهێنانەوە لە فلاتدا

خزمەتگوزاری دووبارە بەکارهێنانەوە لە بلۆکی فلاتدا جیاوازە. هەندێک بلۆکی فلات بنکەی بچکۆلەی دووبارە بەکارهێنانەوەیان هەیە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی کاغەز، شوشەو قوتوو. هەندێکی دیکە هۆکاریان هەیە بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەی خۆراک بەشێوەی هاوبەش. تکایە لەگەڵ دراوسێیەک، کەسێکی سەرپەرشتیکەر قسە بکە یان پەیوەندی بکە بە کاونسڵەوە بۆ ئەوەی بزانیت دەستت بە چ جۆرە خزمەتگوزارییەک دەگات.

## بەرمیلی خۆڵی تایەدار

بەرمیلە خۆڵە تایەدارەکەت بۆ هەموو ئەو پاشماوانەیە کە ناکرێت دووبارە بەکاربهێنرێنەوە، بە پلاستیکی پێچانەوەو پۆلیسترینەوە. دەرگای بەرمیلکە دەبێت پێوەبدرێت و نایلۆنی زبڵی زیادە نابرێت. ئەگەر بەرمیلی خۆڵی تایەدارت نییە، دەتوانیت تا ڕادەی چوار نایلۆنی ڕەشی خۆڵ لە دەرەوە دابنێیت بۆ ئەوەی بیبەن. ئەگەر لە خانویەکی گەورەدا بژیت، پەیوەندی بە کاونسڵەوە بکە بزانە شیاوی ئەوەیت کە بەرمیلیکی زیادەت بۆ دابنێن. لێپرسراوێتی یاسایی خۆتە کە دڵنیابیت زبڵ و خۆڵەکەت لەسەر شەقامەکە کەڵەکە نەبووە.

## خزمەتگوزاری دیکەی پاشماوە

پەیوەندی بە کاونسڵی شاری بریستڵەوە* بکە یان سەردانی ماڵپەڕەکەیان* بکە بۆ زانیاری زیاتر.
خزمەتگوزاری خۆویستی بە پارە بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەی باخ ، کۆکردنەوەی پاشماوەی گەورە بۆ پارچەی گەورەی کەلوپەلی ناوماڵ، وە کۆکردنەوەی نهێنی و وورییایانەی پاشماوەی کلینیکی. کاونسڵی شاری بریستڵ

هەروەها یارمەتی پێشنیار دەکات بۆ کۆکردنەوەی پاشماوە. ئەگەر  پێویستیت بە یارمەتی هەیە بۆ بردنە دەرەوەی بەرمیل و سەتڵ و سندوقی زبڵ و دووبارە بەکارهێنانەوە بەهۆی کەمئەندامی یان نەخۆشییەوە دەتوانیت داوای کۆکردنەوەی یاریدەدراو بکەیت.

### خزمەتگوزاری دووبارە بەکارهێنانەوەی دیکە

پەیوەندی بە کاونسڵی شاری بریستڵەوە* بکە یان سەردانی ماڵپەرەکەیان* بکە بۆ زانیاری زیاتر. دەتوانیت هەروەها شتومەکی دیکە دووبارە بەکاربهێنیتەوە و لەکۆڵی بکەیتەوە وەک  تەختە، ئامێری کارەبایی، وە پاشماوەی ترسناک لە بنکەکانیی دووبارە بەکارهێنانەوەی شتومەکی ناوماڵ وە بوتڵی پلاستیکی و شتومەکی دیکە لە زیاتر لە 40 بنکەی دووبارە بەکارهێنانەوە لە بریستڵدا.

[Page 17]

## بڕگەی 3: کاتێک کە لە ماڵەکەدا دەژیت

### 1. پارەی پسوڵە دان و کرێ

لەو بەروارەوە کە ڕێکەوتننامەی کرێچێتییەکەت واژو دەکەیت تۆ لێپرسراویت لە دانی پارەی پسوڵەکان و کرێ. ئەگەر لەکاتی خۆیدا پارەکان نەدەیت پێدەچێت کرێچێتییەکەت بخەیتە مەترسیەوە. نابێت هیچ کاتێک کرێ لە خاوەن موڵەکەکەت /نوسینگەکەت ڕابگریت لەبەر هۆیەک بێت. ئەگەر کرێ ڕابگریت خاوەن موڵک/نوسینگە دەتوانێت ڕاپێچی دادگات بکات. ئەگەر ئێوە کرێچی دوولانەن وە یەکێک کرێکە نادات کرێچییە دوولانەکانی دیکە لێپرسراو دەبن لە دانی ئەو کرێیە.
ئەگەر لە خانوی هاوبەشدا دەژیت پێویستە بە ووریایی بیر بکەیتەوە کە ناوی کێ لەسەر هەر پسوڵەیەکە، وە چۆن دڵنیا دەبیتەوە کە پسوڵەکان بەتەواوی و لەکاتی خۆیدا دراون. ئەگەر کرێچییەک بەشەکەی خۆی نەدا ئەوا ناوی هەرکەسێک لەسەر پسوڵەکە بێت لێپرسراو دەبێت لەوەی کە دڵنیا بێت پارەکە دراوە. ئەگەر کەفیلت هەبێت لەوانەیە ئەوان لێپرسراو بن لە دانی پارەی  پسوڵەکان ئەگەر تۆ نەیدەیت.
ئەگەر دەستگیرۆیی خانووبەرە وەردەگریت پێویستە لەسەرت کە ئەوەت لەبیر بێت کە ئەو دەستگیرۆییە بۆ ئەوەیە کە یارمەتیت بدات کە کرێکەت بدەیت- ئەوە بۆ تەواوکردنی پارەی هیچ کام لە پسوڵەکانت نییە.

### 2. ماڵەکەت  گەرم و وشک ڕابگریت

یەکێک لە باشترین ڕێگاکان بۆ ئەوەی کە ماڵەکەت گەرم و وشک ڕابگریت ئەوەیە کە لەوە دڵنیا بیتەوە کە ماڵەکەت شێدار نییە.
شێ زۆربەی جار بەهۆی چربوونەوەوە ڕوودەدات، ئەوش کاتێک ڕوودەدات کە هەوای گەرم بەر ڕوویەکی سارد دەکەوێت- وەکو دیوار یان پەنجەرە. چربوونەوە خۆی لەخۆیدا زیانی نییە، بەڵام ئەگەر ببێتە هۆی دروست بوونی کەڕو، ئەوە پێدەچێت وا لە ماڵەکەت بکات کە تەندروست نەبێت. هەروەها پێدەچێت ببێتە هۆی شتی دیکە وەک ڕزینی چوارچێوەی پەنجەرە. ئەوەت لەبیربێت کە تۆ لێپرسراویت لە چاودێری کردنی ماڵەکە لەکتێکدا کە تۆ لەوێ دەژیت، وە پێدەچێت هەر شتێک کە پێویستی بە چاککردنەوە بێت لە ماڵەکەدا تۆ لێپرسراو بیت لە چاککردنەوەی ئەگەر خاوەن موڵک یان نوسینگەکە لەو باوەڕەدابێت کە تۆ بوویتە هۆی ئەو خراپبوونە.
گەلێک شتی ئاسان هەیە کە تۆ بیکەیت بۆ ئەوەی کە ڕادەی چربوونەوەو شێ بۆ کەمترین ڕادە دابەزێنیت:

### گەرمکردن

زۆربەی چربوونەوە بەهۆی نەبوونی گەرمییەوە ڕوودەدات. شتێکی یاریدەدەر دەبێت ئەگەر تۆ ئەو ژوورانەی کە بەکاریان ناهێنیت بۆ پلەیەکی کەم گەرمیان بکەیت، وە/یان دەرگاکانی نێوان ژوورەکان پێوەبدەیت. هەبوونی دابڕین (Insulation ) لە ماڵەکەتدا هەروەها دەتوانێت یارمەتی کەمکردنەوەی چربوونەوە بدات. ئەگەر گەرمکردنی ناوەندیت نییە، هەوڵبدە کە هیتەری گازیی گەڕۆک بەکارنەهێنیت چونکە شێیەکی زۆریان لێدەردەچێت. هیتەری گەڕۆک نابێت بە هەڵکراوی بەجێ بهێڵرێن کاتێک کە تۆ لەماڵ نیت.

ئەگەر تۆ دەستگیرۆییەکەی وەها وەردەگریت کە پەیوەندی هەبێت بە دەسگیرۆیی دیکە وەکو دەستگیرۆیی خانووبەرە، پێدەچێت بتوانیت کە گەرمی ناوەندیت بۆ دابمەزرێنن بە خۆڕایی. پەیوەندی بکە بە وۆرم فرۆنتەوە* (Warm Front ) بۆ زانیاری زیاتر.

### هەڵم کەمتر  بەرهەم بهێنە

**چێشتخانە:** تاوەکان سەر بنێرەوە. لە پێویستی خۆت زیاتر ئاو مەکەرە سەر ئاگر (گەرمی مەکە)، وە کاتێک کە خواردنەکە هاتەکوڵ گەرمییەکە کەم بکەرەوە.

[Page 18]

لەکاتێکدا کە چێشت لێدەنێیت دەرگای چێشتخانەکە با پێوەدراوبێت بۆ ئەوەی نەهێڵێت هەڵم بچێتە دەرەوە بەرەو بەشەکانی دیکەی ماڵەکە.
ئەگەر پانکەی هەوادەرکەر (ساحیبە) ی تێدایە لەوە دڵنیابەرەوە کە هەڵکراوە کاتێک تۆ لەو ژوورە کار دەکەیت.

**گەرماو:** لەوە دڵنیا بەرەوە کە ئاو نارژێتە سەر ئەرزی گەرماو یان ئاودەست. هەر ئاوێک لەسەر ئەرزەکەی بەجێ بهێڵرێت دەچێتە خوارەوەو دەبێتە هۆی زیان گەیاندن، ئەوە زۆری تێدەچێت بۆ ئەوەی کە چاکبکرێتەوە و خاوەن موڵکەکەت / نوسینگەکەت پێدەچێت پارەی ئەوەت لێبسێنێتەوە. کاتێک کە بە دوش خۆت دەشۆیت لەوە دڵنیا بەرەوە کە پەردەی دوشەکە لەناو بانێوکەدایە. لەسەر ئەرزەکە فەرشی ناو گەرماو دابنێ و هەوڵ بدە کە ئاو نەرژێتە دەرەوەی بانێو یان دوشەکە. دەرگای گەرماوەکە دابخەو پەنجەرەیەک بکەرەوە بۆ ئەوەی کە هەوا شێدارەکە بچێتە دەرەوە. ئەگەر پانکەی هەوا دەرکەری تێدایە لەوە دڵنیا بەرەوە کە لەکاتێکدا کە ئەو ژوورە بەکار دەهێنیت هەڵکراوە.

## هەواگۆڕکێ
هەوڵ بدە و پەنجەرەیەک بکەرەوە لە چێشتخانەو گەرماودا کاتێک کە بەکاریان دەهێنیت، وە دوای ئەوەی کە تەواویش دەبێت بۆ ماوەی لانی کەم 20 خولەک. لە هەموو ئەو ژورانەشدا کە بەکارییان دەهێنیت با پەنجەرەکان کەمێکیان کراوە بێت، بە ژووری نوستنەکەشتەوە لە شەودا، بۆ ئەوەی کە هەوا ئاڵوگۆڕ بکات. تەنها کاتێک ئەوە بکە کە نەبێتە هۆی کێشەی ئاسایشی.

## جلوبەرگ وشک کردنەوە
هەرکاتێک کە دەکرێت، جلوبەرگەکانت لە دەرەوە وشک بکەرەوە. ئەگەر ناچار بوویت کە لە ناوماڵدا جلوبەرگ وشک بکەیتەوە ڕاستەوخۆ مەیاندە بەسەر ڕادێتەرەکاندا. هەر کات بۆت دەکرێت جلوبەرگ لەناو گەرماودا هەڵبخە بەسەر تەلی جلوبەرگ وشک کردنەوەدا و کارێک بکە ژوورەکە هەواگۆڕکێی هەبێت.

## شتی دیکە کە تۆ دەتوانیت بیانکەیت
ئەگەر چربوونەوەو شێ بوون بە کێشەو ئەو بیرۆکانەی لای سەرەوە کەڵکی نەبوو، پێویستە لەسەرت کە لەگەڵ خاوەن موڵک/ نوسینگەکە قسە بکەیت. ئامێری وەک شێ لەناوبەر (dehumidifier) پێدەچێت باش بێت، وە خاوەن موڵکەکەت/ نوسینگەکەت پێدەچێت بیرۆکەی دیکەی هەبێت بۆ ئەوەی وا بکەن کێشەکە ڕابوەستێنن.

# 3. ئاسایش
تۆ بەرپرسیاریت لە پاراستنی ماڵەکەت بە ئەمینی لەکاتێکدا کە لەوێ دەژیت. لێپرسراوێتی خاوەن موڵکەکەت/ نوسینگەکەتە کە لەوە دڵنیا بێتەوە کە هەموو ئەو دەرگاو پەنجەرانەی کە پێویستیان بە داخرانە کێلون و سویچی لەباریان بۆ دانراوە.

## ڕێنومایی کەمکردنەوەی تاوان
شتێکی سەرەتاییە بەڵام گرنگ دیارە، باشترین ڕێنومایی ئەوەیە کە لەوە دڵنیا بیتەوە کە دەرگاو پەنجەرەکان داخراون. بەر لەوەی کە خانوەکە بەجێبهێڵیت بەخێرایی بیپشکنە. تەنانەت کاتێکیش کە لە ماڵەوەیت، دەرگاکان دابخەو پەنجەرەکانیش بە کراوەیی بەجێ مەهێڵە لەو ژوراندا کە خۆتی تێدا نیت. ئەو دزانەی کە ماڵان دەبڕن بە 'هاتنە ژوورەوە' لە هاویندا زۆر زۆر زیاد دەکەن کاتێک خەڵک دەرگاو پەنجەرە بە کراوەیی بەجێ دەهێڵن.

- کلیکی زیادە لە دەرەوەی ماڵ مەشارەرەوە. ئەو شوێنە سەرەکییانەی کە لێی دەشارنەوە ئەو شوێنانەن کە ماڵبڕەکان بەر لە هەموو شوێنێک دەیان پشکنن.
- پێدەچێت بتوێت داوای کێلون و سویچی نوێ بکەیت کە دابمەزرێنرێن کاتێک کە دەگوێزیتەوە ئەوێ چونکە نازانیت کە کرێچییەکەی پێشوو کۆپی کلیلی داوە بەکێ.
- بەشێوەیەکی هەرمەکی 3/2 ماڵبڕینەکان لەرێگای پەنجەرەو دەرگای دواوەی قاتی خوارەوەوە ڕوو دەدەن. زیاتر وریایان بە کە بە ئەمینی ڕایان بگریت. پەنجەرەی سەرو سەقفی تەختیش زۆر ئاسانن بۆ برین.

[Page 19]

- بۆ ئەوەی کە وا بکەیت بەشی پێشەوەی ماڵکەت کەمتر ئاسان بێت بۆ بڕین، وا بکە کە دەرگاو پەنجەرەکانت لە شەقامەکەوە بە ئاسانی دەبینرێن. دیوارو سەوزایی کورت بکەرەوە بۆ کەمتر لە 1 مەتر بەرزی.
- دەرەوەبینێک (Viewer) لە دەرگای دەرەوە ببەستە. دەرگاکە مەکەرەوە ئەگەر هیچ گومانێکت هەبوو کە کێیە لەدەرگا دەدات.
- کلیل لە نزیکی دەرگاکان دامەنێ چونکە ماڵبڕەکان دەتوانن قولاپ و داری ماسی گرتن یان موگناتیس بەکار بهێنن بۆ ئەوەی کە لە کونی نامەکانەوە دەستیان بیانگاتێ.
- ئەوەندەی بکرێت سویچ (Mortice) بەکاربهێنرێت چونکە پێویستیان بە کلیلە بۆ ئەوەی بکرێنەوە لە هەردوو لاوە بەجۆرێک کە ماڵبڕەکان ناتوانن لە دەرگاکەوە بچنە دەرەوە ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە هاتبنە ناوەوە.
- چەو کە بەسەریدا دەڕۆیت دەنگی دێت و دەتوانێت ماڵبڕ دەربخات ئەگەر بە چواردەوری ماڵەکەدا دابنرێت. دەوەنی دڕکاویش کە بە درێژایی دیواری پشتەوە و پەرژینەکاندا دەڕوێنرێن پاراستنی زیاتر دابین دەکەن.
- ئەو گوڵۆپانەی کە واتیان نزمە، ووزە کەم بەکاردەهێنن، وە لە ئێوارە تا بەیانی دەگیرسێن لە زۆربەی باردا لەو گوڵۆپی 'ئاسایشی'یانە باشترن کە بە هەست دەکەونە کار.
- پێدەچێت بتەویت کە شتومەکەکانی ناو ماڵەکەت دڵنیا بکەیت، لە ترسی ئەوەی کە پێدەچێت شتێکت لێبدزرێت.
- سویچی کاژێردار بەکاربهێنە بۆ ئەوەی کە لەکاتی پێویستدا گوڵۆپەکان، ڕادیۆ هتد هەڵبکات کاتێک کە تۆ لە دەرەوەی ماڵەکەتیت. بە دراوسێیەکی متمانە پێکراو بڵێ کە چاوی لە ماڵەکەت بێت کاتێک کە تۆ لە پشوویت وە وا بکات کە ئەو شوێنە لە ئاوەدان بچێت بە لابردنی پۆست، کردنەوەی پەردەکان هتد.  .
- لەوە دڵنیا بەرەوە کە ژووری بچوکی ناو حەوشە وە بینای دەرەوە ئەمینن. تەنانەت ئەگەر نرخێکی ئەوتۆشیان نەبێت، ئەو هۆکارو پەیژانەی کە لەوێ ئەمبار کراون دەکرێت بۆ هاتنەناوەوەی بینا سەرەکییەکە بەکار بهێنرێن.
- دەتوانیت هەموو ئەو کەلوپەلانەی کە بەشێوەیەکی تایبەت دەناسرێنەوە تۆمار بکەیت ( ئەوەش ئەوەیە کە کەلوپەلەکانت کە ژمارەی سیریاڵیان هەیە) لە www.immobilise.com. ئەگەر پۆلیس دۆزییەوە، دەتوانرێت بە پشکنینی داتا بەیسەکە شوێن پێی خاوەنەکەی هەڵبگیرێت.
- ئۆتۆمۆبێل ئەگەر لە گەراجێکی داخراودا یان لەسەر ڕێچکەیەکی ناو حەوشەدا ڕابگیرێن سەلامەت ترن، ئەگەر هەتبێت.
- بۆ ڕێنومایی زیاتر، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە بەرنامەی چاودێری گەڕەکەکان*، یان سەردانی ماڵپەڕی کەمکردنەوەی تاوان* بکەیت.

## کەسانێک کە بەبێ پرس دێنە ناوەوەو میوانەکان

بەگوێرەی یاسا تۆ بۆت هەیە کە هێزێکی ماقوڵ بەکاربهێنیت بۆ بەرگری کردن لە خۆت یان بۆ پاراستنی کەسکی دیکە یان بۆ پاراستنی ماڵەکەت. ئەو هێزەی کە لەهەر بارێکدا بە ماقوڵ دادەنرێت پەیوەندی هەیە بەو هەڕەشەیەوە کە دووچارت دەبێتەوە. بۆ نمونە، ئەو ئاستی بەرگرییەی کە تۆ دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ بەرگری کردن لە ژیانت گەورەترە لەو هێزەی کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ بەرگری کردن لە ماڵەکەت. یاسا ڕێگات پێنادات کە تۆڵە بسێنیتەوە. سزادانی تاوانباران کاری دادگاکانە و نابێت تۆ یاسا بگریتە دەست خۆت بە هەوڵدان بۆ سزادانی سەرپێچیکەرێک لەسەر تاوانێک کە لە دژی تۆ، هاوڕێکانت، یان خێزانەکەت ئەنجامی داوە.

یاسای ئەرکی خاوەن ماڵ (1957 و 1984 ) بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی خاوەن ماڵەکانەوە بۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی ماقوڵانە ووریا بن بۆ پاراستنی ئەوانەی کە لە ماڵەکەیاندان. ئەو یاسایەی یەکەم

[Page 20]

پەیوەندی هەیە بە میوانی یاساییەوە و ئەوەی دواتر پەیوەندی هەیە بەوانەوە کە بە بەبێ پرس دێنە ناوەوە.
وەکو خاوەن ماڵێک، تۆ ئەرکی سەرپەرشتی کردنت لەئەستۆدایە بەرانبەر بەوانەی کە بەشێوەیەکی یاسایی لە ماڵی تۆدان.
لەلایەنی تیۆرییەوە، کەسێک دەتوانێت داوای مەدەنی (نەک تاوانکاری) دژی تۆ بگرێتە بەر ئەگەر بریندار/زامدار ببن کاتێک لە ماڵی تۆدان وەکو کەسێک کە بەبێ پرس هاتۆتە ناوەوە یان وەک میوان.

## 4. باش بەکارهێنانی ووزە

ئەگەر ماڵەکت وا نییە کە ووزە بەباشی بەکاربێنیت، ئەوە نەک تەنها بۆ ژینگە خراپە بەڵکو هەروەها پسوڵەی سوتەمەنییەکانیشت بەرزدەکاتەوە. ئەگەر دەستگیرۆیی وەردەگریت، پێدەچێت بتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ پارەی ۆرم فرۆنت* بۆ ئەوەی کە ماڵەکەت گەرمتر بکات و باشتر ووزە بەکاربهێنێت، بە دامەزراندنی دابڕ، بەرگر لە هەوای سارد هتد. پێویستت بە وەرگرتنی ڕەزامەندی هەیە لە خاوەن موڵکەکەت یان نوسینگەکەت بەر لەوەی کە هیچ کارێک ئەنجام بدەیت. تەنانەت ئەگەر لەسەر دەستگیرۆییش نەبیت هێشتا هەر پێدەچێت شیاوی یاریدەدان بیت- پەیوەندی بکە بە بنکەی ڕێنومایی ووزەوە* بۆ زانیاری دەربارەی هەر بەرنامەیەکی داشکاندن کە لەناوچەکەتدا هەبێت، وە هەروەها بۆ وەرگرتنی ڕێنومایی دەربارەی ئەوەی کە چۆن ماڵەکەت والێبکەیت کە زیاتر ووزە بەباشی بەکاربهێنێت.

## 5. سەلامەتی گاز

لێپرسراوێتی خاوەن موڵکە کە لەوە دڵنیا بێتەوە کە ئامێرە گازییەکان سەلامەتن بە سازدانی پشکنینی گازی CORGI هەموو ساڵێک. ئەگەر دڵنیا نیت لەوەی کە ئەوە کراوە یان نا پەیوەندی بکە بە خاوەن موڵکەکەتەوە/ نوسینگەکەتەوە و داوای وێنەیەکی بڕوانامەی پشکنین بکە.
پێویستە لەسەرت کە لەوە دڵنیا بیتەوە کە هەر کێشەیەک هەبێت سەربارەت بە ئامێرە گازییەکانی کە لەلایەن خاوەن موڵک یان نوسینگەوە دامەزراون بەوانی ڕابگەیەنیت. ئەگەر بۆت دەرکەوت کە هەر ئامێرێکی گازی سەلامەت نییە نابێت بەکاری بهێنیت.

## 6. دراوسێیەتی و بوون بە دراوسێیەکی باش

